مەخموور

خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

ژمارە (٢٥) | رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ (٥٠٠) دینار | هەینی ١٥ /١٠/٢٠١٠ | ٢٢ی ڕەزبەری ٢٧١٠

ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی دابەشکردنی چەکی قەرەبووی ١٤٠

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دابەشکردنی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بەدەڤەری مەخموور، سەرچاوەیەك بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی ڕاگەیاند لەکۆی هەزاران چەکی قەرەبوو، ناوی هیچ هاوڵاتیەکی دەڤەری مەخمووری تێدانییە.

د.نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق تایبەت بە ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "ئەو کەمتەرخەمییە لەلایەن نووسینگەی شنگاڵی ماددەی ١٤٠وە بووە، بۆیە ئێستاکە ئاگادارمان کردوونەتەوە لەوەی کە دەبێ ئەمجارە لەوەجبەی نوێدا ناوی هاوڵاتییانی مەخموور تێدابێت".

بۆ زانیاری زیاترو دڵنیابوون لەناوەکانی لیستی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ هاوڵاتییان دەتوانن لەرێگەی قایمقامیەتی مەخموورەوە لەناوەکانیان دڵنیابن، یاخود دەتوانن لەرێگەی دەستەی ناوچەی دابڕاوەکان، کە بارەگاکەیان دەکەوێتە شاری هەولێر لەسەر شەقامی سەرەکی (هەولێر–سەلاحەددین) سەیری ناوەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بزانن ناویان لە چ وەجبەیەك دایە.

زەوی دەبەخشرێت بەوانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە

"ئەوەی لەسەرزمێری ئامادە نەبێ لەهەموو مافێك بێبەش دەبێت"

موحسین شوانی:
کێ دەڵێ هیچ بۆ مەخموور نەکراوە

٢

بەختیار محەمەد:
دەنگی مەخموور ناوەستێت

٤

ئەنتەر دەیەوێت بۆندێك لەگەڵ میسی مۆربکات

٧

خەلیل پالانی/ قایمقامی قەزای مەخموور ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کەسانەی لەسەرژمێری گشتی نەگەڕێنەوە، ئەوا لەداهاتوو گرێبەستی کشتوکاڵیان لێدەسێنرێتەوەو، هیچ مافێکی تریان نابێ هەروەها دەڵێت زەوی دەبەخشرێت بەوانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە.

بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور لە لێدوانێکیدا بە (دەنگی مەخموور) ڕاگەیاند "بەپاڵپشتی پارێزگاری هەولێرو حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا ئەو سەرژمێرییە بخرێتە ئەستۆی پارێزگای هەولێرەوە بۆ ئەوەی نەیاران نەتوانن بە ویستی خۆیان یاری بەئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە بکەن، هەروەها فەرمانبەرو مامۆستایانی سەر بەسنووری دەڤەرەکە وەکو بژمێر کارەکە ئەنجام دەدەن"، گوتیشی "لەڕووی هونەرییەوە ئێمە ئامادەین، دەتوانرا لە ٢٤ی ئەم مانگەوە پرۆسەکە بەڕێوە ببەین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی دەستتێوەردانی پارێزگای موسڵ پرۆسەکە دواخرا".

لەبارەی ترسی پارێزگاری موسڵ بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری قایمقامی مەخموور وتی "هۆکاری ترسی ئەوان زۆرە لەوانە ڕێژەی دانیشتووانی موسڵ لە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزارەوە لە ماوەی سێ ساڵ بووە بەسێ ملیۆن و سەد هەزار، کە ئەم ڕێژە زیادبوونە لەجیهاندا نەبووەو ڕاستی ئەنجامەکان لەدوای سەرژمێری دیاردەکەوێت، هەروەها ڕێژەی ڕاستەقینەی کورد لەو ناوچانەی کە کێشەی لەسەرە دیاردەکەوێت و ئەمەش دەبێتە بنەمایەك کە ئەو ناوچانە کوردنشینن و دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەرهەرێم".

سەبارەت بەو ئاوارانەی تائێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان، ئاخۆ دوای ئەو سەرژمێرییە تاچەند ڕەچاوی پێدانی ئیمتیازاتەکانی وەك پێدانی زەوی و قەرەبووکردنەوەیان بۆ دەکرێت، سەیدکاکە لەو بارەیەوە وتی "بێگومان ئەو کەسانەی لەسەرژمێرییەکە نەگەڕێنەوە، ئەوا لەدوای ڕەزامەندی وەزیری کشتوکاڵ، گرێبەستی کشتوکاڵیان لێدەسێنرێتەوەو هەروەها جگە لەقەرەبووکردنەوەیان بەپێی ماددەی ١٤٠ کە ئەمە قەرزێکی کۆنەو پێیاندەدرێت، بەڵام لەدواڕۆژدا هیچ مافێکی تریان نابێ، لەبەرئەوە ئێمە هەست دەکەین خەڵکی ئێمە کەمتەرخەمەو بە بیانووی ئەوەی کە دەڵێ هیچم بۆ ناکرێ، خۆی دەدزێتەوە لەو ئەرکەی کە لەسەر شانیەتی بەرامبەر بە دواڕۆژی نەتەوەو نیشتمانەکەی"، سەبارەت بە پێشکەشکردنی داواکاری پێدانی زەوی و کە ماوەیەکە لەلایەن ئەو هاوڵاتیانەی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، پێشکەش دەکرێت، وتی "ئێمە دەمێکە دەبوا ئامادەبواین بۆ دابەشکردنی زەوی وەکو قەرەبووکردنەوەیەکی ئەو خەڵکەی زەرەرمەندبوون، بەڵام ئێستا زەوییەکان ئامادەبوونەو لەماوەیەکی کورت بەسەر خەڵکەکە دابەش دەکرێت".

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کەمپی مەخموور:

رازی نابین ناسنامەی پەنابەری ئێراقی وەربگرین

تایبەت بەدەنگی مەخموور/ ڕۆژی ٥/١٠/٢٠١٠ شاندێکی بالیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغداو بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق سەردانی کەمپی مەخموریان کرد، بەمەبەستی پێدانی ناسنامەی عێراقی بەو پەنابەرانەی کەمپی مەخموور، بەرپرسێکی ئەو کەمپەش دەڵێت "ناسنامەی پەنابەری ئێراقی تائێستاش لای ئێمە جێگەی شك و گومانە".

لەلێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور)، (هەڤاڵ پۆلات) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کەمپ سەبارەت بەم پرسە ڕایگەیاند "ماوەیەك بەر لەئێستا پێمان ڕاگەیاندرابوو کە دانیشتوانی کەمپ بەشداریی سەرژمێری گشتیی ئێراق دەکات و پاشان ناسنامەی پەنابەریی ئێراقییان بۆدروستدەکرێت، ئێمە پێمان وایە دروستکردنی ناسنامەی پەنابەری ئێراقی تائێستاش لای ئێمە مایەی شك و گومانە، چونکە دەوڵەتی تورك هەمیشە پیلان دەگێڕێت بۆتێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم کەمپە، ئەم پیلانەشی دەیەوێ بەهاوکاریی حکومەتی ئێراق و ئەمریکاو بەفشارخستنە سەر UN جێبەجێ بکات". سەبارەت بەبەشداریکردنشیان لەپرۆسەی سەرژمێری ئێراق ئەو بەرپرسە گوتی "ئێمە پێمان ئاساییە بەشداریی لەپرۆسەی سەرژمێری ئێراقدا بکەین، لەبەرئەوەی سەرژمێری لەهەر وڵاتێکدا کە ئەنجام دەدرێت مافێکی یاسایی و دەستوورییە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدانین ناسنامە یان ڕەگەزنامەی ئێراقیمان بۆ بکرێت، تەنانەت ڕازیش نین ناسنامەی پەنابەری ئێراقیش وەربگرین، ئێمە پێشنیارمان کردووە کە UN خۆی ناسنامەیەکی تایبەتیمان بۆ دروست بکات، کە وەك ئێستا هەمانەو هەڵیدەگرین". لەبارەی پرۆژەی خزمەتگوزاریش گوتی "لەپێناو باشترکردنی ڕەوشی پەنابەرانی کەمپ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی داوامان لەشاندەکە کرد کە پرۆژەی خزمەتگوزاری وەك (نەخۆشخانەو خوێندنگەو ئاوو ئاوەڕۆ) لەکەمپەکەمان ئەنجام بدەن".

شایانە گوتنە کەمپی پەنابەرانی مەخموور لەساڵی ١٩٩٨ لەمەخموور کراوەتەوەو، ڕێژەی دانیشتووانی دەگاتە نزیکەی (١٢) هەزار هاوڵاتی.

ئاوی مەخموور بەکەڵك خواردنەوە نایەت

تایبەت بەدەنگی مەخموور

بەگوێرەی نووسراوە فەرمییەکانی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگای موسڵ–بەشی چاودێری تەندروستی دەرکەوتووە کە ئاوی مەخموور بەکەڵکی خواردنەوە نایەت، بەهۆی پیس بوونی بە بەکتریای قۆلۆن و قۆلۆنی برازیەو قوپو لیتە.

سەبارەت بەم پرسە بەڕێوەبەری ئاوی مەخموور ئەو نووسراوانەی پشتڕاستکردەوە و ئاگاداری خۆی لەپیسی و کەمی ئاوی مەخموور دووپات دەکاتەوە، بەگوێرەی گوتەکانی ئەو بەڕێوەبەرە کێشەکان لەوەدایە کە پێکهاتەی خاکی مەخموور بەجۆرێکە کاتێك لەشوێنێك بۆڕی ئاو دەشکێ زوو تێکەڵ دەبێت بەهۆی ئەوەی کە خاکەکەی خوێناویە.

سەید تەحسین بەڕێوەبەری ئاوی مەخموور ئەوەشی ڕوونکردەوە کە "چەند شوێنێکمان چاککردۆتەوە، بەڵام بەهۆی کۆنی پرۆژەی ئاوی مەخموورو کۆنی بۆرییەکان و پێکهاتەی خاکی مەخموور ئەوا کێشەی ئاوی مەخموور بنبڕ ناکرێت".

بڕوانە لاپەرە ٣

تێبینەری ئەوقافی مەخموور دەست لەکار ناکێشێتەوە

خەلیل پالانی/ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێك سەبارەت بەدەست لەکارکێشانەوەی، تێبینەری ئەوقافی مەخموور سەرسوڕمان و بێئاگایی خۆی لەو هەواڵە دەردەبڕێت.

دوای ئەوەی نووسراوێکی مۆرکراوی ساختە بەناوی (سالار نوری کەریم) تێبینەری ئەوقافی مەخموور هاوکات وێنەی ناوبراوو ژمارە تەلەفۆنێك هاوپێچی نووسراوەکە ئاراستەی یەکێگ لەڕۆژنامەکان کراوە کە ناوبراو بەهۆی فشاری حیزبییەوە دەستی لەکارکێشابێتەوە، ناوبراو لەروونکردنەوەیەکیدا سەرسوڕمان و بێئاگایی خۆی لەهەواڵەکە دەردەبڕێت و ڕایدەگەیەنێت، کە سکاڵا لەدادگا تۆمار دەکات و داوا دەکات ئەو کەسەی ئەو نووسراوە ساختەی نووسیوە ئاشکرا بکرێت.

لەلێدوانێکیدا تایبەت بە(دەنگی مەخموور)، سالار نوری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە تێبینەرایەتی ئەوقافی مەخموور لەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات و وتی "لەبەرئەوەی ئێمەو مامۆستایانی ئایینی فەرمانبەری ئەوقافین و دەبێت پابەندبین بەڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و بۆ هیچ لایەنێك نییە ڕێنمایی بدات بەفەرمانبەری ئەوقاف و مزگەوتەکانیش دامەزراوەیەکی حکومین و وەزارەتی ئەوقاف سەرپەرشتی دەکات و مامۆستایانی ئایینی بەڕێز بەهەستێکی ئایینی و نەتەوەییەوە کاردەکەن"، هەر دەربارەی دەستێوەردانی حزبی وتیشی "بەهیچ شێوەیەك دەستێوەردانی حزبی لەکاروباری ئێمەدا نەبووەو لەلایەن هیچ حزبێکەوە ڕێنمایی نە بەئەوقاف و نە بەمامۆستایانی ئایینی نەدراوە، بەڵکو هەمیشە هاوکارمان بوونە، گەر هەر شتێکی لەو جۆرەش بێتە پێشەوە ئەوا سەرووی خۆمانی لێ ئاگادار دەکەینەوە".

دەنگی مەخموور دوای ئەوەی بەدواداچوونی خۆی لەمەڕ نووسراوەکە کردو لەنزیکەوە بەراوردی زانیارییە دوور لەڕاستییەکان و مۆرو واژۆی ئەو کەسەی نووسراوەکەی نووسیوە لەگەڵ مۆرو واژۆی ڕاستی تێبینەری ئەوقافی مەخموور کرد، بۆی دەرکەوت کە نووسراوەکە ساختەیەو بەدەستێکی ئەنقەستەوە کارەکە ئەنجامدراوە.

شەش فەرمانگە لە مەخموور دوو بەڕێوەبەریان هەیە

تایبەت بەدەنگی مەخموور

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدایە دوای حەوت ساڵ لەئازادکردنی مەخموور تائێستا چەند فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەك دوو بەڕێوەبەریان هەیەو، هاوڵاتییانیش گلەیی لە ئەدای فەرمانگەکەکانی مەخموور دەکەن.

تائێستاکە شارۆچکەی مەخموور لەڕووی ئیداری سەر بە موسڵەو بەڕێوەچوونی کارەکانی لەلایەن هەولێرەوە بۆ دەکرێت، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئالۆزییەکی زۆر لەنێوان فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانیدا هەیە، تائێستا فەرمانگەکانی وەکو (ئاوی مەخموور، تەندروستی مەخموور، کارەبا، دادگای بەرایی مەخموور، بەیتەریەی مەخموور، پۆستەو گەیاندن) دوو بەڕێوەبەریان هەیە، یەکێکیان سەر بە موسڵەو ئەوی دیکەیان سەر بە هەولێرە، جگە لەمەش قایمقامیەتی مەخموور دوو بەرپرسی دارایی هەیە. هەروەها بەشێك لەفەرمانگەکانی مەخموور سەر بەئیدارەی هەولێرن ئەوانیش فەرمانگەکانی (ئاسایشی مەخموور، کشتوکاڵی مەخموور، پەروەردەی مەخموور، سایلۆ، شارەوانی، تۆمارکردنی خانووبەرە..) دەگرێتەوە، بەڵام فەرمانگەکانی (کاروباری شارستانی مەخموور، بەرگری شارستانی–ئاگرکوژێنەوە، بانکی ڕەشید، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی مەخموور) سەر بەئیدارەی موسڵن.

سەعید مستەفا، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی مەخموور تایبەت بە (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "فەرمانگەکەمان سەر بە هەولێرەو وەك دەزانن یەك بەڕێوەبەریشی تێدایە، سەرجەم ئیشوکارەکانمان لەلایەن هەولێرە بۆ ئەنجام دەدرێت". بەڵام سەردار محەمەد بەڕێوەبەری بەیتەریەی مەخموورییش دەڵێت "ئێمە لێرە دوو بەڕێوەبەرین، من سەر بە ئیدارەی هەولێرم، بەڕێوەبەرەکەی تریش سەر بەئیدارەی موسڵە".

هاوڵاتیەکیش بەناوی (محەمەد حەمەدئەمین) لەوکاتەی لەبەردەم فەرمانگەی باری کەسێتی مەخموور وەستابوو، بۆ ڕۆژنامەکەمان دواو گوتی "لە بەیانییەوە لێرە وەستاوم پێم سەیرە فەرمانگەیەك یەك فەرمانبەری لێیەو ئەویش دەڵێت بەڕۆژوومە، کەچی ئیشەکەی من هەموو بە دە خولەك تەواو دەبێت"، هاوڵاتیەکی دیکەش بەناوی (مامۆستا محەمەد) گوتی "چەند ساڵە مامۆستام لێرە کەچی داوای گواستنەوە دەکەم، بۆم ناکرێت"، گوتیشی "ئەو بڕە پارەی بۆ هاتوچۆی مامۆستایان تەرخان کراوە زۆرکەمە، ئێمە ٤٠ هەزار وەردەگرین، بەڵام سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی زیاتر لە ملیۆنێك دینار بۆ هاتوچۆو سەردانەکانیان وەردەگرن".